# هیتلەر وەک خوێنەر کتێبـا سوتاند... بەڵام ١٦ هەزار کتێبـا هەبووە

نووسینی: نامق کامل
وەرگێڕانی: هەورامان وریا قانع


هێتلەر

جارێکیان شاعیری ئەڵمانی "هاینریش هاینە" لە سەدەی هەژدەهەمدا وتویەتی: (لەکوێ کتێب بسوتێنرێت، مرۆڤیش دەسوتێنرێت)، ئەم گەواهییە مەترسیدارە، پڕ بە پێستی جەورو ستەمی هێتلەرە. ئەوەی لەبارەی سەرکردەی نازی "ئەدۆڵف هێتلەر"ەوە زانراوە، ئەوەیە هەر هێندەی سەرۆکایەتی ئەڵمانیای گرتەدەست، لەبەردەم کۆشکی ئۆپرای دەوڵەتدا، چەندین بەستە کتێبی ئەدیبو بیرمەندە ئەڵمانییەکانی سوتاند. بەڵام ئەوەی شوێنی تێڕامانە، ئەوەیە "هێتلەر" کاتێ لە حەشارگە بەرلینییەکەیدا، لەساڵی ١٩٤٥ خۆیدەکوژێت، ١٦ هەزار کتێبی هەبووە، ئەم کتێبانە بەسەر بارەگاکانی بەرلینو میونخو برسالزبیرگدا دابەشکرابوون. گەرچی بەشی هەرە زۆری ئەم کتێبانە نەخوێنرابوونەوە، بەڵام بەڵگەکان دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی لاویەتی "هێتلەر"و ئەوە دەسەلمێنن "هێتلەر" لەو ساڵانەدا خوێنەرێکی بە هەڵپەی کتێب بووەو کتێبەکانیشی هەڵبژاردووە.

سێ هەزار کتێب لەم کتێبانە لە باڤاریا دۆزراونەتەوە، ١٢٠٠ کتێبیان خرانە بەشی کتێبە دەگمەنەکانی کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی لە واشنتۆنی پایتەخت، ئەم کتێبانەیان بوونە مادەی ئیشکردنی "تیمۆس ڕیباک"ی نووسەر، بۆ نووسینی کتێبەکەی (کتێبخانە شەخسییەکەی هێتلەر). بەپێی ئەو پەندەی دەڵێ: (گەر دەتەوێت کەسێک باشتر بناسیت، پێویستە لەسەرت کتێبخانەکەی بپشکنیت). لێرەوە "ڕیباک" کە

مێژوونووسەو پسپۆڕە لە مێژووی "ڕایخی سێیەم"، دەستیکرد بە لێکۆڵینەوەو پشکنینی ئەو کتێبانە، تا لایەنەکانی کەسایەتی "هێتلەر" زیاتر دەربخات، بەتایبەتی لایەنە ئەدەبییەکەی کە تاکو ئێستا بە ئاڵۆزیو نارۆشنی ماوەتەوە.

ئەم کتێبە بۆ بەسەرکردنەوەی کتێبخانەکەی "هێتلەر" نییە، بەڵکو کتێبێکە گفتوگۆ لەسەر وێستگەکانی ژیانی "هێتلەر"و ئەو خەڵکانە دەکات، کە لەمیانەی ئەو کتێبانەوە، کاریگەرییان لەسەر "هێتلەر" هەبووەو هۆکاربوون بۆ ئەوەی کۆمەڵێ کاری مەترسیداری جیاواز جیاواز ئەنجامبدات. هەندێ لەو کتێبانە، لە پشتیانەوە چەندین چیرۆکی شاراوەی سەرنجڕاکێش لەخۆدەگرن، بۆ نمونە پەیوەندی "هێتلەر" بە "بدیتریش ئەکارت"ەوە کە پیاوێکی نادیارو نازییەکی کۆن بووە، هەروەها پەیوەندی "هێتلەر" بە فاشی سویدی "سفین هدین"ەوە. لێرەوە دەبینین زۆربەی کتێبەکانی کتێبخانەکە، قسەوباس لەو بابەتانە دەکەن کە کاریگەرییەکی وێرانیان لەسەر جیهان هەبووە. هەروەها کتێبخانەکە چەندین بەرگی کتێبی سەربازیی لەخۆگرتووەو کۆمەڵێ کتێبی دیکەی تێدابووە دەربارەی بابەتی کانزا سەربازییە جیاواز جیاوازەکان، بەتایبەتی ئەو کانزایانەی دەوڵەتانی دیکە، جگە لە ئەڵمانیا، هەیانبووە. پاشان کتێبی تێدابووە سەبارەتە بە جولەکە، لەنێویاندا ئەو کتێبانەی چەندین لاپەڕەی وێنەییان تێدایە کە بە ڕوونیی نمونەی جولەکەکان پیشاندەدەن، هەروەها پیشانیدەدەن ئەندامێکی سامی چالاک، چۆن بتوانێت شوناسنامەی جولەکەکان دیاریبکات.

"ڕیباک" کتێبەکەی لە ساڵی ١٩١٥ دەستپێدەکات، لەو ساڵەدا "هێتلەر" سەربازێک بووە لە بەرەی ڕۆژئاوا. نووسەر دوای ئەوەی بە دوورودرێژی باس لە ئایندەی "هێتلەر" دەکات، دەستدەکات بە لێکدانەوەی نووسخەیەکی پەڕپوتی کتێبەکەی "ماکس ئۆزبۆن" کە لەلای "هێتلەر" بووەو ئەمە ناونیشانی کتێبەکەیە: (بەڵگەی شۆمەندی تەلارسازی بەرلین)، ئەم کتێبە کتێبی گیرفان بووە، پێدەچێت "هێتلەر" تەنانەت لەکاتی ئاگربارانی خەندەقەکانیشدا، ئەو کتێبەی هەر پێبووە، تاکو هەندێ شتی بیرخاتەوە کە بەلایەوە گرنگو بایەخداربووە. هەروەها ئەو کتێبە یەکێک بووە لەو کتێبانەی لە هەڵمەتی سوتاندنی کتێبی زاناو بیرمەندە پێشکەوتوخوازەکانی ئەڵمانیا، ڕزگارکراوەو نەسوتێنراوە، چونکە "هێتلەر" حەزیکردووە ئەو کتێبە لەلای خۆی هەڵگرێتو بیپارێزێت.

دواتر دانەر باس لەکتێبەکانی سیحرو ئەستێرەناسیو کتێبەکانی "ئیکارت"و کتێبە ئاینییەکان دەکاتو ژمارەیەکی زۆر وێنەی فۆتۆگرافی هەندێ لەو کتێبانەو لێکۆڵینەوەکانی "هێتلەر"و شوێنی کارکردنیو شوێنی ئەو کتێبانە، دەخاتەڕوو. نووسەر باس لەوە دەکات "هێتلەر" لە هەرشوێنێکدا بووبێت، گەر لە بەرەکانی جەنگدا بێت، یان لەسەر سنوری بەلجیکابێت، یاخود لە سەروبەندی هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوادا بێت، یان لە دەرەوەی بەرەی ڕۆژهەڵاتبێت، ئەوا کتێب لێیجیانەبووەتەوە. یەکێک لە جەنەڕاڵەکان، لە بارەگا سەرەکییەکانی سوپادا، گوێی لێبووە لە ژوورەکەی تەنیشتییەوەو لەکاتی شەواندا، یەکێک لاپەڕەی کتێبەکانی هەڵداوەتەوە.

کتێبخانە تایبەتەکەی "هێتلەر" بەپێی زنجیرەیەکی مێژوویی ڕێکخراوە، کتێبخانەکە لەوێوە دەستپێدەکات کە "هێتلەر" لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لەڕیزەکانی پێشەوەی جەنگەکەدا سەرباز بووە. گەرچی "هێتلەر" دواتر باس لەوەدەکات کە ساڵانێکی زۆر سەرقاڵی خوێندنەوەی "شۆبنهاوەر" بووە، بەڵام پێناچێت ئەوە ڕاستبێت، وەک ئەوەی "ڕیباک" دەڵێت، چونکە هەندێ تێبینی هەیە کە لە میونخ نووسراون، ئەوە دەردەخەن "هێتلەر" بە بەردەوامی لە نووسینی ناوی ئەم فەیلەسوفەدا هەڵەی کردووە.

بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبە باس لە مامەڵەی "هێتلەر" دەکات لەگەڵ مەسەلەکانی نووسینو بڵاوکردنەوە، ئەویش لە میانەی قسەکردن لەسەر هەردوو بەشی کتێبەکەی "هێتلەر" کە ناوی

(كفاحی)یە، لەگەڵ بەشی سێیەمی کە ناوی ( کتێبی سێیەم)ە، بەڵام ئەم بەشی سێیەمەی بڵاونەکراوەتەوە. بینینی ئەم لایەنە، ئەو گرێ ناوەکییەی "هێتلەر" دەردەخات کە لەبواری ڕۆشنبیریدا هەیبووە، هەروەها ئەوە دەردەخات کە "هێتلەر" نەیتوانیوە خوێندن تەواوبکات. گەرچی "هێتلەر" کتێبەکانی "فیختە"و "نیتچە"و "شۆبنهاوەر"ی مەدحکردووەو پێیداهەڵداون، بەڵام ئەو خۆی نوقمی غەیبیانیەتو خورافات کردبوو. دانەری کتێبەکە کاتێ لەو کۆمەڵە کتێبەی "هێتلەر" ڕادەمێنێ کە لەسەر غەیبیانییەت هەیبووە، دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی "هێتلەر" هێندەی پەرۆشی غەیبیانییەتو خورافات بووە کە لە کتێبە هەرزانبەهاکانەوە وەریگرتووە، نیو هێندە پەرۆشی فەلسەفەی "شۆبنهاوەر" یان "نیتچە" نەبووە.

ئەوەی دەربارەی "هێتلەر" زانراوە ئەوەیە، هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە خوێنەرێکی بە هەڵپەی کتێب بووە، بەڵام ئەم سیفەتەی، لە بەشێکی زۆریدا بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باوەڕێکی زۆری بە توانا ئەکادیمیەکەی خۆی هەبووە. دووەمیان بۆ ئیرەیی بردنی بووە بەو هاوڕێیانەی کە لە ڕیزەکانی ڕاسترەوی ئەڵمانیدا لەگەڵیدابوونو لەخۆی ڕۆشنبیرتربوون. "هێتلەر" دواجار ئەو هاوڕێیانەی جیادەکاتەوەو پاشان لە ناویاندەبات. دوای ئەوە "هێتلەر" دەستدەکات بە نووسین، ئەمەش وەک حەزێک بۆ قەرەبوکردنەوە یان بۆ تۆڵەکردنەوە. لە کتێبی (کفاحی) عەریفی خۆکوژو سەرکردەی یاخییەکان "بیر هۆل" یاخود (یانەی شەراب) لە میونخ، کە سەرکەوتونابێتو شکستدێنێت، پاڵەوانی ژیانە تایبەتەکەی "هێتلەر"ە، ئەمە نیوەی پیاوەو نیوەکەی دیکەی خواوەندە. ئەم پاڵەوانەی ژیانی "هێتلەر" هیچ کەسێکی سەرسامنەکرد تەنها "جۆزێف گۆڵبز" نەبێت کە دواتر دەبێتە وەزیری ڕۆشنبیری لە حکومەتەکەی "هیتلەر"دا، بەڵام ئەوانیدیکە کەمتر سەرسامبوون پێی.

دەستنووسەکانی "هێتلەر"، کۆمەڵێ دەقی نارێکو پێکو پەرشوبڵاوو پڕ لە هەڵەی زەقی ڕێزمانیو ئیملایی بوون. گەرچی "هێتلەر" سومعەیەکی خراپی هەبوو، وەک نووسەریش نووسەرێکی بێتوانا بووە. "هێتلەر" لە چرکەساتێکی ڕوونی فیکریدا دان بەوەدادەنێ کە نووسەر نییەو دەڵێ: (من نووسەر نیم)، بۆیە بەرگی سێیەمی لە (سێینەکەی- ثلاثیە) دووردەخاتەوە. پێش ئەوە هەردوو کتێبی (کفاحی)و (کتێبی دووەم- الکتاب الثانی)ی تەواوکردبوو. بەڵام دوای کارەساتی دارایی (ویل ستریت)و سەرکەوتنی "هێتلەر" بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، ئیدی "هێتلەر" سنورێکی بۆ مەسەلەی بەرهەمە ئەدەبییەکان دانا. لە ڕاستیدا "هێتلەر" خۆی وەک کەسێکی خاوەن کردەوە دادەنا نەک خاوەن قسە، کتێبخانەکەشی پڕە لەو کتێبانەی ئەو تینوێتییەیان دەشکاند کە قسەکانی بەپێی ئیرادەی خۆی ئاراستە بکات. ئەو کتێبانەی باسیان لە سیحرو ئەستێرەناسیو پەیوەندی نێوان دەقە ڕۆحییەکانو دەقە فیزیاییەکان دەکرد، تەنها بایەخی "هێتلەر" بە ئایین دەرناخەن، بەڵکو بڕوابوونی ئەو بە مرۆڤی خەڵلاق کە دەتوانێ هێزی خەیاڵیی بگۆڕێت بۆ واقیع، دەردەخەن. "هێتلەر" لەکاتی گەنجیدا، گەورەترین ئارەزوی ئەوە بووە لە دێرێکدا ببێتە سەرۆکی ڕاهیبەکان. "هێتلەر" هیچ خوێندنێکی فەرمی تەواونەکردووە، وەلێ "ئۆگست کۆبیتسک"ی هاوڕێی کە هەر لە ڕۆژانی سەرەتای ڤییەناوە هاوڕێی بووە دەڵێ: کتێب لە "هێتلەر" جیانەدەبووەوەو ناتوانم وێنەی "هێتلەر" بەبێ کتێب بکەم.

"ڕیباک" لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا ئەوە دەخاتەڕوو کە "هێتلەر" لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا سەدان کتێبی مێژوویی و ڕەگەزپەرستانەی خوێندووەتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ ئایدۆلۆژیاکەی، واتە وەک سەرکردەی حزبی نازی تازە پێگەیشتوو، لەگەڵ دانانی یاساکان بۆ حزبەکەی. لەو میانەیەدا "هێتلەر" هەستا بە ئامادەکردنی لیستێک بۆ خوێندنەوەی کراوە، ئەو لیستەشی بە مەرەکەبی ڕەشو بە شێوەیەکی دیار،

لەسەر پسوڵەی ئەندامانی حزب قایمکرد. ئەو لیستە بریتیبو لە (لیستی ئەو کتێبانەی پێویست بوو هەمو سۆشیالیستێکی نەتەوەیی بیزانێت). وەک کتێبەکەی هێنری فۆرد (جولەکەی جیهانی)و کتێبەکەی ئەلفەرید رۆزنبێرگ (ئیمپریالیزم وەک دوژمنێکی دەوڵەت).

کاتێ ئەڵمانەکان بۆ یەکەمجار کتێبخانەکەی "هێتلەر"یان دۆزییەوە، تەنها کتێبە فەلسەفییو فیکرییەکانیان نە دۆزییەوە، لە نمونەی کارەکانی "شۆبنهاوەر" کە بەلای "هێتلەر"ەوە، لە "نیتچە" باشترەو بەرهەمەکانی " فیختە"و ئەدەبی گومانکردن لە ڕەگەز، بەڵکو لەپاڵ ئەوانەشدا تەنێک ڕۆمانی پۆلیسیو کتێبەکانی "ئەدگار ولس"و "وایڵد ویست" کە "هێتلەر" زۆر هاوسۆزە لەگەڵیدا، دۆزییەوە. ئاشکرایە ڕۆشنبیریی "هێتلەر"و دیدگای بۆ جیهان، لە بەشێکی هەرە زۆریدا، لە میانەی ئەم کتێبانەوە بووە کە دەرفەتی هەبووە بیانخوێنێتەوە. ئەو کتێبانەی خوێندویەتییەوە پڕە لە تێبینیو پەراوێزەکانی خودی "هێتلەر"و هێڵی بەژێر چەندین ڕستەو پەرەگرافدا هێناوە. جگە لەوە پڕە لە نیشانەی سەرسوڕمانو نووسینی سەرنجی خۆی لەسەر هەندێ لە پەراگرافو ڕستەکان کە دانەری ئەم کتێبە "ڕیباک"، هەوڵیداوە ئەوانە لێکبداتەوەو نهێنییەکانیان ئاشکرابکات، لەوێشەوە بگاتە دۆزینەوەی کلیلی بیروڕاکانی "هێتلەر" کە لە چوارچێوەی نووسینەکانیو گوتارەکانیو گفتوگۆکانیو کارەکانیدا، ڕەنگیدابووەوە.

لەمیانەی ئەم کتێبانەوە، دەبینین "هێتلەر" چۆنو بە چ شێوەیەک، لاسایی کەسێتی "دۆنکیشۆت" یان "ڕۆبنسۆن کرۆزۆ" یان کەسێتییەکانی ناو شانۆنامەکانی "شکسپیر"ی کردۆتەوە. ئێمە دەبینین لێکۆڵینەوەیەکی ئاڵۆز چۆن ئایندەی سیاسی خرۆشاندووە، یان لێکدانەوەیەکی تایبەت بۆ داستانی شیعری (بیرجنت)ی نووسەری شانۆی نەرویجی "هێنریک ئەبسن"، بەشداربووە لە هەڵگەڕاندنەوەی خواستە توندوتیژەکەی. هەروەها "هێتلەر" سەرسامبووە بە کتێبی "هنری فۆرد"ی ناسامی (جولەکەی جیهانی)، "هێتلەر" خوێندنەوەی ئەو کتێبەی گشتاندبوو بەسەر ئەندامانی حزبەکەیدا. هەروەها ئەم کتێبانە پێماندەڵێت خوێندنەوە بەرفراوانەکانی "هێتلەر" بۆ کتێبە ئایینییەکانو سیحرو ئەستێرەناسی، بە چ شێوەیەک یارمەتی گەلالەبوونی دیدگا ئاڵۆزەکەی "هێتلەر"یان داوە سەبارەت بە چاودێری خودایانە. هەروەها پێماندەڵێت وشەکانی "نیتچە"و "شۆبنهاوەر" چۆن وەک کۆمەڵێ گوزارشتی نازی دزێو، سەرلەنوێ ڕۆحیان کراوەتەوە بە بەردا. جگە لەوە پێماندەڵێت (بیبیلۆگرافیای فردریکی گەورە) کە لەلایەن "کارلایل"ەوە نووسراوە، چۆن کاریگەری دەمارگیری خۆی لەسەر "هێتلەر" هەبووە کە وایکردووە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بەردەوامبێت، ئەمە لەکاتێکدا بووە هەموان لەوە دڵنیابوون سەرکەوتن بۆ ئەڵمانیا زۆر دوور بووە.

**سەرچاوە:** الشرق الاوسط، ژمارە ١١٢٣٠، ٢٧ی ئابی ٢٠٠٩

